بەشی (3):

# وتوێژی جان ئاپدایك لەگەڵ نیۆیۆرك تایمز لە مەڕ رۆمانی "تیرۆریست"

چارلز مەك گراس

و. لە فارسییەوە: كامیل نەجاری

جان ئاپدایك كاتێك كە بە ئینتێرنێتەوە خەریك دەبێ، نیگەرانی ئەوەیە نەوەك لەو رێگایەوە ژمارەیەك كرم بێنە ناو كۆمپیوتێرەكەیەوە و هەرچی ئەو خەریكە دەینووسێ بیجاون. سەرەڕای ئەوەش بۆ رۆمانە نوێیەكەی خۆی واتا "تیرۆریست"، لە ناو ئینتێرنێت دا بە شوێن بۆمب دا گەڕاوە. لە هەڤپەیڤینەكانی ئەم دواییانەشی دا ئاماژەی بەوە كردووە كە تا ڕادەیەك ئەرخەیان بووە لەوەی كە ئەو شتەی كە عارەبانەی "كۆپێر" لە فیلمی "زەنگەكان بۆ كێ وەدەنگ دێن" دا دەیكێشێ، ئێستا ئیتر دەبێ كۆن بووبێت. لەو گەڕانانە دا دیسان ئەرخەیان بۆتەوە كە: "ئینتێرنێت حەز ناكات مرۆڤ لەمەڕ تەقەمەنییەكان زۆر شت فێر ببێت."

بەڕێز ئاپدایك، 74 ساڵە، مووی سپی بە برۆی تووكن و رواڵەتێكی وەك سیناتۆرەكان، رۆژێك كە بۆ دابین كردنی كەرەسەی خاو بۆ كتێبەكەی بە دەوری دەزگای پشكنین دا دەهات و دەچوو، بوو بە هۆی ئەوەی لێی بەدگومان بن. بەلام تێگەیشت كە ئەو جۆرەی كە پێشتر بیری دەكردەوە، تیشكی X سپی و رەش نییە بەڵكوو بە ڕەنگە تۆخەكانە وەك : سەوز و سوور.

هەر لەوێ ماشێنێكی بە كرێ گرت بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە گەڕەكە فەقیرنشینەكان و "كلیساكان و شوێنی چوونە ژووری پێش فرۆشگاكان كە كردوویانن بە مزگەوت"ی پێشان بدا.

تیرۆریست بەم زووانە لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی "ئالفرێد.ای.ناف" ـەوە دێتە ناو بازار. چیرۆكەكە لە پاترسۆن روو دەدات یا لە شارێك بە ناوی "دیمەنی نوێ"New prospect ، كە نموونەیەكی بچووكتر و رێكوپێكتر لە لە پاترسۆنە و كتێبەكەش رێك لەمەڕ ئەو ناوەیە. قارەمانی چیرۆكەكە لاوێكی 18 ساڵە بە ناوی ئەحمەدە، لە دایكێكی ئەمریكی كە مۆدێلی هیپییەكانە و خوێندكارێكی میسری كە لە رۆمانەكە دا ئامادە نییە. ئەحمەد دەبێتە موسوڵمان و رایدەسپێرن كە لە ناو تونێلی لینكۆڵن دا خۆی بتەقێنێتەوە.

ئەو رۆمانە نوێیە بیست و دووەمین رۆمانی ئاپدایكە. كەم تا زۆر شێوازێكی وەك چیرۆكە پۆلیسییەكانی گرتۆتە بەر. یەكێك لە چەند شێوازێك كە بەڕێز ئاپدایك پێشتر تاقی نەكردۆتەوە. سەرەڕای ئەوەش، لە مەڕ كتێبی "تیرۆریست" كە دەدوێ، ئاشكرا دەبێ كە هێندێك لە بوارەكان و ئەو كەڵكەڵە زەینییانەی كە هەمیشە هەیبووە، لەو رۆمانە دا تێك چنیوە: سێكس، مەرگ، دین، دواناوەندی و تەنانەت پاتێرسۆن.

بەڕێز ئاپدایك دانی پێداناوە کە بە نیسبەت ئەو تونێلەوە وردە فۆبیایەکی هەیە. دەڵێ: "بە راستی بیر کردنەوە لە تەقینەوەیەك ئیلهامدەری ئەو کتێبە بوو. ئەو دیمەنە یەکەم چەخماخەکانی ئەو کتێبە بوو. ترس لەوەی کە کاتێك کە من لە ناو تونێلەکەدام بتەقێتەوە و کێشی ئەو ئاوەی کە شۆڕە شۆڕ دادەڕژێتە خوار."

سەرەتا قارەمانی چیرۆکەکە مسیحییەکی لاو بوو. وەك کەسایەتیی هەمان مێردمنداڵی پڕ کێشە و گرفتی چیرۆکێکی سەرەتای کاری واتا "پەڕی کۆتر" کە هەست دەکا پیاوێکی ئایینی خەیانەتی پێ کردووە. ئاپدایك دەڵێ: "من فەقێیەکی قوتابخانەی ئایینیی کاسۆلیکیم لە مێشك دا بوو کە هەموو دەور و بەرییەکانی خۆی بە شەیتان گەلێك دەزانێ کە دەیانهەوێ ئیمانەکەی لێ بستێنن. بە بڕوای من سەدەی 21 بۆ زۆربەی خەڵکی جیهانی عەرەبی بەو شێوەیەیە."

ئاپدایك بیر لەوە دەکاتەوە کە قارەمانی چیرۆك دەیهەوێ لە پێگەی تیرۆریستێکەوە شتێك بڵێ. لە بەر ئەوەش قارەمانی چیرۆك دەگۆڕدرێ بۆ لاوێکی موسوڵمان. "هەستم کرد کە دەتوانم دەرك بەو نەفرەت و دوژمنایەتییە بکەم کە ئیماندارێکی موسوڵمان بەرامبەر بە سیستەمی ئێمە هەیەتی. هیچ کەس هەوڵی نەداوە لەو روانگەیەوە سەرنجی ئەو بابەتە بدات.

پێم وایە کە لەو کتێبە دا بە شێوازی جۆراوجۆر خۆم خستۆتە مەترسییەوە. بەڵام رەنگە نووسەرەکان تەنیا کەڵکیان هەر ئەوە بێ. هێندێك جار بیری لێ دەکەمەوە کە بۆچی ئەو کارەم کردووە؟ من لە شتێکم کۆڵیوەتەوە کە بۆ هێندێك کەس مایەی پەژارە و دڵگرانییە. کاتێك ئەو پرسیارانە بە مێشکمدا دێن، دەڵێم: لە تیرۆریستێك، چ دیمەنێك لە بەر دڵانەتر و هاودڵانەتر لەوە دروست دەکرێ".

ئەحمەد لەبەردڵانە، لانی کەم دەچێتە دڵەوە. بە شێوەی جۆراوجۆر بیرمەندترین و ئەخلاقیترین ئەکتەری ناو کتێبەکەیە و سەرزیندوو بوونەکەی بە هۆی فەزای ئاشنای ئاپدایکییەوەیە، دواناوەندیی ئەمریکی. ئاپدایك بۆ ئەو کتێبە پەنا دەباتە بەر دەقە ئایینییەکان. دەڵێ: "زۆربەی قورئان، لەگەڵ رۆژئاواییەك بە روونی نادوێ. بابەتی یاسایی و شیعرگەلی پڕپێچوپەنای لە خۆ گرتووە. ناڕوون نییە. کتێبێکی لەبەردڵانە".

لە کتێبی تیرۆریست دا چەند ئایەتێکی قورئان بە عەرەبی هاتوە. "شادی ناسر" خوێندکاری قۆناخی بەکالۆریۆس لەو بەشە دا یارمەتیی ئاپدایکی داوە. " ویژدانم هانی دەدام، چونکە خەریك بووم شتێکم دەخستە ناو کتێبەکەوە کە خۆم نەمدەتوانی بیخوێنمەوە. زمانی عەرەبی پێچ و پەنای زۆرە و گەلێك جوانە. کاتێك کە ستایشکەران بانگ دەکات، لە بیر ناچێتەوە، هەر زۆر زوو بڕوای پێ دەهێنی. هەستی من ئەوە بوو کە ئەوە زمانی خودایە. و لە راستیدا ئەگەر ئێوە لە ماناکەی تێناگەن لە بەر ئەوەیە کە خوداتان بە باشی نەناسیوە".

لە هەموو لایەنەکانی شەریعەتەوە، کتێبی تیرۆریستی ئاپدایك کتێبێکی جێگای متمانەیە. بەختەوەرانە چەند لاپەڕەیەکیشی بە دیمەنگەلی ئەویندارى- سێکسی لە نێوان دایکی ئەحمەد(ترێزا) و راوێژکاری دواناوەندی(جەك لویی) نووسیوەتەوە. "من کەیفخۆش بووم. چونکە لە کاتی نووسین دا لە بترودۆخێکی لاواز دا نەبووم. ئەو کاتەی کە بیری ترێزا بەرۆکی جەك دەگرێ، هەستم دەکرد لە رووداوێك دام کە دەتوانم بەڕێوەی ببەم. ئەو بەشە بچوکە

ئەویندارانەیە،لانی کەم بۆ خۆم، راستەقینە بوو. ئەو دوو کەسەم خۆش دەویست چونکە ئاسایین. بێ خودا، لاتاو بێژ بەڵام وەك خەڵکانی راوێژ خۆشی ئەم سەردەمە."

باسی کارەکانی داهاتووی لێ دەپرسم. دەڵێ: "لە هەموو ژیانم دا هەموو کات کارێکی تر هەبوو کە دەمتوانی بیکەم، بەڵام تەنیا کارێك. ئێستا هەست دەکەم خەریکە فیشەکم پێ نامێنێ. من وەك داستایۆفسکی نیم کە کاتێك کە مرد، دەفتەرچەیەکی یادداشتی پڕ لە پڕۆژەی نوێی هەبوو. هەوڵ دەدەم کتێبی داهاتووم لە مێشکم دا بێنمە بەر چاو. کتێبێکی تا ڕادەیەك ئەستوور و پڕ لە خەڵك. وەك "گۆسفۆرد پارك Gosford Park " بەڵام نەك لە مەڕ رازی کوشتن. چونکە ئەوەندە زیرەك نیم کە بەو مۆدێلە بنووسم".

******